کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-6-2007 18:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕاگەیاندنی کۆڕاک دەربارەی سازشکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەسەر جێبەجێکردنی مادەی سەدوچل (140)

رۆژی 2007/6/7 هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان راگەیاندنێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. ڕاگەیاندنەکە بەرەنجامی ئەو کۆبوونەوە هاوبەشانە بوو کە هەردوو مەکتەبی سیاسی پێشتر لە دوکانو دواتریش لە ێەلاحەدین کردبوویان.
لە کاتێکدا کۆمەڵەمان، کۆمەڵەی ڕابوونی کوردایەتی، دەستخۆشی لە هەموو هەوڵو کۆششێکی راستەقینە دەکات بۆ رێکخستنو رێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردو چارەسەری تەنگژە سیاسیو، ئابووریو کۆمەلایەتییەکانی ناوخۆ، لە هەمان کاتدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە جەماوەری کوردستانو رێکخستنەکانی یەکێتی لە ئامانجی راستەقینەی کۆبوونەوەکانو ئەجێندا شارراوەکانی ئاگادار بکەینەوە تا چیتر سەرکردایەتیی سیاسیی کورد گەلەکەمان چەواشە نەکاتو بە هەڵەیان نەبات.
هەروەک لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکان دەربارەی پەیوەندییەکانی هەردوو لاو پەیوەندییەکانی حیزبو حکومەتو چاکسازی لە ریزەکانی حیزبو حکومەتو کێشەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان بووە.
ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی یەکێتیو پارتی بۆ چەواشە کردنی خەڵکەو ئەو کۆبوونەوە بەپەلەی هەردوولا بۆ ئەوە بوو جارێکی تر ئاواتەکانی گەلەکەمان زیندە بەچاڵ بکرێن. هەواڵەکانو سەرچاوەی زانیاریی نزیک لە کۆبوونەوەکان ئەوە دەردەخەن کە مەبەستی سەرەکی کۆبوونەوەکە بڕیاری رازیبوونی هەردوولا بووە بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی سەدوچلو دواتریش وازلێهێنانی تەواوەتی ئەو ماددەیە. بەڵام لە ترسی کاردانەوەی جەماوەرو ڕقو تووڕەیی خەڵکی کوردستان، کۆبوونەوەکە هێڵە گشتییەکانی دیاریکردووە تا بە خشکەیی ووردە ووردە زەمینەسازی بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان رازی بێتو هیچ کاردانەوەیەکی سەلبیش نەبێت.
لە کاتێکدا سەرکردە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەو سوننەی عێراق هەموو رێوشوێنێکی یاسایيو نایاسایی دەگرنەبەر تا دەستکەوتی زیاتر بۆ عەرەبی شیعەو سوننە بەدەست بێنن، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بۆ ئەوەی ئەمریکا رازی بکەنو دەستکەوتو دەسەلاتەکانی خۆیانو بنەماڵەکانیان بپارێزن بە بێ هەبوونی هیچ رێککەوتنێکی نوسراو، لەجیاتی هەموو کورد بڕیار دەداو واز لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان دێنێ، کە بە خوێنی دەیان هەزار شەهیدو ئەنفالکراوو و وێرانکردنی کوردستان بەدەستهێنراوە.
سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەم هەلومەرجە مێژووییە لەبارەدا هەموو هەوڵو جوڵانەوەیەکی سیڤیکی ئاشتیخوازانەی کوردی لە پێناو دەستکەوتە تایبەتییەکانی خۆی لەباربردووەو کارتێکی بەهێزی تری لەدەست گەلەکەمان دەرهێناوە. هەر بۆ نمونە، جوڵانەوەی ریفراندۆمو کۆکردنەوەی نزیکەی دوو ملیۆن ئیمزای خەڵکی کوردستان بۆ مافی چارەنوس کارێکی یەکجار گەورە بوو، هەروەها پشتیوانێکی بەهێزیش دەبوو بۆ سەرکردایەتیی کورد ئەگەر کورتبینی ئەو سەرکردایەتییە نەبوایە. ئێستاش دەکرێ ئەو جوڵانەوە جەماوەرییە ببوژێنرێتەوەو شێوەی گونجاوی تریش بگیرێتەبەر تاکو هێزوتوانای گەلەکەمان رێکبخرێو ئاوا بە ئاسانی دەستکەوتەکانمان لە دەست نەچێ.
ئەی جەماوەری خۆڕاگری کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەوەری گەندەڵی ناو سەرکردایەتیی سیاسیی ئەمڕۆی کورد، خۆیان مەترسین لەسەر چارەنووسی گەلەکەمان؛ خۆیان ماکی گشت کێشە سیاسی، ئابوری، ئیداریو کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی کوردستانن. مەهێڵن ئەوانە بە بڕوبیانووی بێجێو چەواشەکردن دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بخەنە مەترسییەوەو بەفیرۆی بدەن. مەهێڵن جارێکی تریش ئاشبەتاڵ بە دەستکەوتەکانی ئێوە بکەن. مەهێڵن ئەوانە لە پشتی ئێوەو بەناوی ئێوەوە بڕیار بدەن. دژی هەر هەوڵێک ببنەوە کە زەمینەسازی بکا بۆ دواخستنو جێبەجێنەکردنی مادەی سەدوچل لە وادەی خۆیدا. بە هەموو شێوازەکانی مانگرتنو خۆپیشاندانو نارەزایی دەربڕینی مەدەنییانە بەگژ ئەو سازشکارییەی سەرانی کورددا بچنەوە. ئەوانە وا چوار ساڵە نەیانتوانیوە قورسایی خۆیان بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان بەکاربێننو لەم بوارەدا زۆر هەلی مێژووییان لەدەست داوە. ئێوە دەتوانن دەستکەوتەکان بپارێزنو دەستکەوتی زیاتریش بەدەستبێنن.

ئەی ئەندامو کادیرە هوشیارەکانی یەکێتی

مەترسیو پیلانەکان زۆرن، بۆیە ئەم بارودۆخە دەخوازێ زۆر ووریایانەتر هەوڵەکانمان یەکخەینو خۆمان چاکتر رێک بخەین تاکو بتوانین دژی هەر تێزو هەڵوێستێک ببینەوە کە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان دەخاتە مەترسییەوە. ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە کە دژی پیلانی دوژمنانو هەڵوێستی سازشکارانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ببنەوە. ئەوانە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانو دوارۆژی بنەماڵەکانیان دەکەنەوە. بەم هەڵوێستانەیشیان کوردیان لەبەردەم دۆستو دوژمن سووک کردووە. بۆیە ئەرکی هەموو جوامێرێکی گەلەکەمانە لە دۆستو دوژمنان بگەیەنن کە قبووڵ ناکەین کەرامەتی گەلەکەمان پێشێل بکرێو رێگە بە هیچ کەسێکیش نادەین مساوەمە لەسەر ئامانجە نەتەوایەتییەکانمان بکات. ئەمڕۆ کەرکوک بۆ هەموو کوردێکی جوامێرو بەئەمەک رەمزی کەرامەتی نەتەوایەتییە. بەڵام وا پێ دەچێ لای ئەو سازشکارانە نە قودس بێو نە دڵی کوردستان!

ئیتر بۆ پێشەوە لە پێناوی ریفۆرمو بەدیهێنانی عەدالەتی
کۆمەڵایەتیو بنیاتنانی کۆمەڵی مەدەنییو سەروەری یاسادا

2007/6/10 کۆمەڵەی ڕابوونی کوردایەتی (کۆڕاک)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.